## ڕۆماننووسی سۆماڵی نورەدین فارح:

# ئێمە هەمیشە پێیەکانمان بۆ هەڵاتن بەکارئەهێنین



ڕۆماننووسی سۆماڵی نورەدین فارح

سازدانی/ سەلاح جەواد　　　　و/ محیّدین مەحمود

(نورەدین فارح) ڕۆماننووس و چیرۆکنووسێکی سۆماڵییە کە لە بیابان و بە کۆچەری لەدایکبووەو لە ناوچەی (ئۆگازین)ی ژێر دەسەڵاتی ئەسیوبیا گەورە بوو، ڕۆشنبیری عەرەب بە پێکهاتەی زمان و ئەدەبەکەی، ڕۆشنبیری ئەفریقیایی بە پێکهاتەی زارەکییەوە یەکەم سەرچاوەی گەشەکردنی بوون و پاش ئەوە زمانی ئینگلیزی بووە پەنجەرەیەک بۆ ئاگاداربوون لە ئەدەبی ئەوروپاو ئەمریکا لە (نیویۆرک)دا ڕۆژنامەی (الشرق الاوسگ) گفتوگۆیەکی لەگەڵدا سازدا. لە ململانێکانی ناو (سۆماڵ) دا ئەو ویستی ناوچەی خۆڵەمێشین هەڵبژێرێت، سەیر لەوەدایە وەک خۆی باسیکردووە کاتێک دادگا ئیسلامییەکان دەسەڵاتی (مەقادیشۆ)ی پایتەختیان گرتە دەست، داوایان لە نووسەر کرد کە ئەوسا لە(کیب تاون)ی خوارووی ئەفریقیا نیشتەجێ بوو ،ناوبژیوانی نێوان خۆیان و حکومەتە کاتییەکە بکات، کۆمەڵەی دادگا ئیسلامیەکان بەهۆی گرنگی نووسەرو بێلایەنییەکەی ئەم ئەرکەیان پێ سپاردبوو، دەڵێ: لە داواکەیان ڕەزامەند بووم و کاتێک گەیشتمە (مەقادیشۆ) لەلایەن میرێکی جەنگەوە ڕفێنرام. ئەمەی خوارەوە دەقی

**گفتوگۆکەیە:**

***ئایا دەکرێ بوترێت کە رەگ و ریشە بەراییەکانی ئەزموونی ئەدەبیت بۆ پەیوەندییت بە دایکتەوە دەگەڕێتەوە چونکە ئەو شیعری دەوت؟**

**– لەگەڵ هەقایەتەکانی (هەزارو یەک شەوە) کەوتمە بایەخدان بە ئەدەب و یەکەم شت کە سەرنجی راکێشابووم بوونی (ناوم) بە چاپکراوی لە هەقایەتێک لە (هەقایەتەکانی هەزارو یەک شەوە) بوو، ناوە چاپکراوەکەم لە هەقایەتەکەم دەرهێناو لەسەر بەرگی دەفتەری ئەرکی ماڵەوەی قوتابخانەم لکاندو لە قوتابخانەدا بە هاوڕێکانم وت: (ئایا دەزانن من نووسەرم...؟) رەنگە سەرچاوەی بنەڕەتی بایەخدانم بە ئەدەب دایکم بووبێت، چونکە شاعیر بوو، باپیرم– کە باوکی ئەوە– ئەویش شاعیر بوو، لێرەدا ئەوەم لەیادە کە خوێندنەوە بەراییەکانم بە عەرەبی بوون و (تاوان و سزا)ی دۆستۆیفسکی بە وەرگێڕاوی بۆ عەرەبی خوێندۆتەوەو (هۆگۆ)شم هەر بە عەرەبی خوێندووەتەوە، چونکە ئەم هەموو کتێبەم خوێندبوو بە خۆمم وت: (دەبێ ئەزموونەکانمان کە لە سۆماڵ تیایاندا ژیابووین بە هەمان شێوازی نووسینی (دۆستۆیفسکی)دەربارەی روسیاو (فیکتۆر هۆگۆ)دەربارەی فەرەنسا بنووسین و بە هەمان ئەو شێوازەی (هەقایەتەکانی هەزارو یەک شەوە) پێی نووسرابوون و کۆکرابوونەوە، لایەنی دووەم ئارەزوومەدەکرد لە رێگەی نووسینم دەربارەی ئەو ئەزموونانەی تیایانداو لەگەڵیاندا ژیابووم ببم بە بەشێک لە سەدەی بیستەم، چونکە خۆم سەر بەو سەدەیەم، کاتێک بایەخم بە نووسیندا، بۆم دەرکەوت زمانی سۆماڵی ئەلف و بێیەکی بۆ نووسین نییە کە رێکەوتنێکی لەسەر کرابێت، بەهۆی ئەمەوە نەمتوانی پێی بنووسم، زمانی دووەمیش کە راستەوخۆ پاش زمانی عەرەبی فێری بووم زمانی (ئەمهەر)ی بوو، بەڵام ئارەزووم نەدەکرد پێی بنووسم، چونکە بە منداڵی وا گۆشکرابووم کە ئەم زمانە زمانی دوژمنە...!) لەم دەستپێکەوە زمانی ئینگلیزی لەلام ئاسانتر بوو، نەک چونکە بۆ فێربوون و جڵەوگرتنی ئەم زمانە بۆ قوتابخانەیەکی ئینگلیزی چووبووم، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئامێری چاپنووسە ئینگلیزییەکەم پێشکەوتووتر بوو، هەروەها خۆشتر دەهاتە دەست، بە بڕوای من ئەم کێشەیە لە (سۆماڵ)دا لەچاو وڵاتانی دی عەرەبدا توندترە.**

*** ئەی بڵاوبوونەوەی کتێبی عەرەبی لە(سۆماڵ)دا چۆنە؟**

**– بە ژمارەیەکی ئێجگار سنووردار کتێبی عەرەبی دەگاتە سۆماڵ و لەو ماوەیەی تیایدا گەورە دەبووم بەختیارترین نووسەر) محەمەد حەسەنێن هەیکەل) بوو لەبەرئەوەی کتێبەکانی بە ئاسانی لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەوتن، هەر لەو ماوەیەشدا گۆڤاری (رۆز لیوسف)مان پێ دەگەیشت، لە (مەقادیشۆ)دا دەست دەکەوت، هەندێجار هەموو شەش مانگێک کتێبێکی تازە دەگەیشت و جاری وا هەبوو یەک دانە بوو، کاتێکیش دەتدۆزییەوە دەبوایە بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبە یان ئەو گۆڤارە کە لە (قاهیرە)وە دەگەیشت، چاوەڕێی نۆرەی خۆت بکەیت، بەڵام سەبارەت بە کتێبی ئینگلیزی بارودۆخەکە جیاوازبوو بە ئاسانی دەستدەکەوت.**

***باسی) هەقایەتەکانی هەزارو یەک شەوە)ت کرد، ئەم هەقایەتانە تا چ ئاستێک کاریان تێکردوویت؟ دیارە دەکرێت بە ئاسانی درک بەم کاریگەرییە بکرێت بە تایبەتی لە سیانەکەتدا کە بە (رازەکان– اسرار) کۆتایی دێت و بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە؟**

**– زۆر زوو (هەزارو یەک شەوە)م خوێندۆتەوەو تا ئەم نزیکانەش جاروبار ئەم هەقایەتانە دەخوێنمەوە، بایەخدانم بەم هەقایەتانە تەنها لەبەر جیهانەکەیان یان ئەفسوونیان نییە، بەڵکو بۆ گرنگی رۆڵی ئافرەت لە هەقایەتەکاندا! چونکە لە هەقایەتەکاندا ئافرەت هەر خۆی هەوڵی رزگارکردنی**

ژیانی خۆی و ئایندەی ژیانی ئافرەتانی دواڕۆژ دەدات، بەهۆی ئەمەوە گرنگییەکی ئێجگار زۆر بەم تەوەرە بیرۆکەیە دەدەم.

*ئایا هەر ئەمەیە هۆکاری ئەو ئامادەگییە بە هێزەی لە کارەکانتدا، چونکە ئەو هەمیشە خاوەن کەسایەتییەکی بنەڕەتی و تەوەرییە کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە دەوریدا خول دەخۆن و هەمیشە کاریگەرو بەهێزە؟

– ئەمە دروستە، چونکە ئێمە لەو کۆمەڵگایانە گەورە بووین کە وایان لێکردووین بایەخێکی باش بە منداڵەکانمان نەدەین و بایەخ بە ژنانیشمان نەدەین و بایەخ نەدان بە منداڵەکانمان مانای ئەوەیە کە ئێمە لە پێناوی ئایندەماندا کاری بەرهەمهێنەر ناکەین، لەو ژینگەیەی کە تیایدا گەورەبووم– بۆ نموونە– ئەگەر چوومە ئەو ژوورەی باوکمی لێیە ناتوانم هەموو شتێک بڵێم و ڕێگەی قسەکردنم پێ نادرێت و لەوێ هەموو شتێک بە جۆرە دەسەڵاتێک پابەندەو بۆ چەندین جاریش دەتەوێ دەم هەڵبێنیت و ناتوانیت، ئەمە بە منداڵی بێزاری کردبووم، بە هۆی ئەمەوە هەنوکە بایەخ بە کرانەوە دەدەم و بەڕێزەوە باسی ڕاستێتی دەکەم و نامەوێ سووکایەتی بە کەس بکەم کاتێک درک بەوە دەکەم کە بۆچوونێکم هەیە ڕەنگە جیاواز بێ لەگەڵ بۆچوونی تۆ، هەروەها لەگەڵ بۆچوونی دایک و باوکیشمدا، بەڵام ناتوانم بە ڕاشکاوی بیدرکێنم، وێنای ئەوە بکە من لە تەمەنی پەنجاساڵیدا کاتێک باوکمم بینیەوە نەمدەتوانی ئەوەی پێ بڵێم کە دەمویست بیڵێم، چونکە تا ئێستاش ئەو نایەوێ گوێم لێبگرێ و بەپێی نەریتی ئەو هێشتا من هەر منداڵەکەی جارانم، ئەمە پرسێکی گرنگ دەوروژێنێ ئەویش، چۆن بتوانم بە شێوەیەکی ئاسایی و بەبێ ترس بژیم، هێشتا ئەم شتە ئێجگار بێزارکەرە. لەو ڕەخنەیەی بە بەردەوامی ئاراستەی کۆمەڵگای) سۆماڵ)ی دەکەم ئەوەیە کە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ یەکتردا شێوازێکی بەڕێز بۆ قسەکردنمان نییە، بگرە نازانین چۆن ڕەخنە لە یەکتر بگرین، یان ئەوەتانێ بە تەواوەتی پەنا بۆ هێز دەبەین یان بۆ بێدەنگییەکی تەواو، جیاوازی سەیر لەوەدایە کە ئەو کەسەی تۆی خۆش دەوێت هەر خۆیشی بۆ کوشتنت دێت، چونکە بە بۆچوونی ئەو تۆ ئابڕوومەندی بنەماڵەکەت بردووە، ئێمە لە ترسێکی هەمیشەییدا دەژین و دەبێ ئەم ترسە لە ژیانماندا ڕابماڵین.

* هەندێ لە ڕەخنەگرەکان تۆ لەگەڵ ژمارەیەک لە نووسەرانی ئەفەریقا بە نووسەرانی پاش قۆناغی کۆلۆنیالیزم پۆلێن دەکەن، ئایا ئەم پۆلێنکردنەت پێ خۆشەو نووسینی پاش کۆلۆنیالیزم چی دەگەیەنێت؟
– یەکەم مەبەست لە نووسینی پاش کۆلۆنیالیزم ئەو نووسینەیە کە پاش قۆناغی سەربەخۆبوون بەرهەمهێنراوە، هەروەها ئەو نووسینەیە کە ڕەخنە لە هێزە کۆلۆنیالیزمەکانی پێش سەربەخۆبوون گرتووەو ئەو نووسینانە دەگرێتەوە کە ڕەخنە لە ڕژێمە گەندەڵەکانی ئێستا واتە پاش قۆناغی سەربەخۆبوونی نیشتمان دەگرن، هەروەها ئەوانە دەگرێتەوە کە لە هەوڵی زەمینە خۆشکردنن بۆ ئایندەیەک کە تیایدا گەلانی پاش قۆناغی کۆلۆنیالیزیم دەبنە خاوەنی مێشک و زەینێکی کراوە. بەکارهێنانی ئەقڵ زۆر گرنگە، چونکە ئێمە هەمیشە پێیەکانمان بۆ هەڵاتن بەکاردەهێنین، ئێمە گەلانێکین هەمیشە ئیش بۆ وێرانکردنی خۆمان دەکەین و دەترسین لە نێو خۆماندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ڕاشکاوانەو کراوە قسەبکەین، ئەوەی بێزارم دەکات بوونی بەردەوامی باوکی دەسەڵاتخوازە، بە بڕوای من ئەگەر باوکی دەسەڵاتخواز لە خێزاندا نەبوایە کەسێکی وەک (ئەحمەد سیادبەری– سەرۆکی پێشووی سۆماڵ) بوونی نەدەبوو، لە دەسەڵاتیشدا نەدەما، چونکە ئەگەر سەد هەزار پیاوی دەسەڵاتخوازت هەبێ، (سیادبەری) لەبری دە ملیۆن سۆماڵییەکە، ڕووی دەمی دەکاتە ئەو سەد هەزار پیاوە دەسەڵاتخوازە، ئەمە هەمان ئەو بارودۆخەی عیراقی سەردەمی دیکتاتۆریەتی سەدام حوسێن دەگرێتەوە.

* ئەگەر چی رۆشنبیریت رۆژئاواییەو لە رۆمانەکانتدا سوودت لە پیشەی ئەدەبی ئەوروپایی وەرگرتووە، بەڵام وەک نووسەرێکی ئەفەریقایی تا چ ئاستێک خۆت لە چاو نووسەری ئەوروپایی جیاواز دەبینیتەوە؟
– ئێمە وەک نووسەر لەگەڵ نووسەرانی ئەوروپاو رۆژئاوا جیاوازین، چونکە ئێمە لە ئەفەریقاداو بە تایبەتی لە (سۆماڵ)دا مامەڵە لەگەڵ ئەوەی بنەڕەتییە دەکەی. نووسەرێکی ئەفەریقایی وەک من کە رەنگە زۆر درەنگ وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ ددانی پیادا نرابێت، بەڵام نووسەرێکی ئەوروپایی یان ئەمەریکایی زۆر زوو سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت، بەهۆی ئەمەوە من وەک نووسەر دەبێ رووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە بم رەنگە یەکەمیان هەوڵدانە بێت بۆ گۆڕینی پەیوەندیی لەگەڵ خێزاندا، چونکە خۆم لەو خێزانەی تیایدا گەورە بووم دەست بەستراوو دەم داخراو دەبینمەوەو کاتێک بۆ رووبەڕووبوونەوەی جیهانێکی گەورەتر دەچمە دەرەوە، خۆم وەک ئەفەریقاییەک و قولە رەشێک لە نێو عەرەبدا دەبینمەوە (بۆنموونە رەنگە لە عیراقدا قولە رەش بم)، وەک دەبینیت پۆلێنکردنەکانی کەسانی تر کۆت گەلێکن هەوڵدەدەن دەست و پێ بەستراوم بکەن و ئەوەی من هەوڵی بۆ ئەدەم شکاندنی هەموو ئەو کۆت و زنجیرانەیە، دەتوانم بڵێم کە نووسەرێکی ئەمریکایی و بەڵکو نووسەرێکی میسریش لەچاو من وەک کەسێکی ئەفەریقایی چەندین هەنگاو پێشم کەوتووەو کاتێک هەوڵی راکردن دەدەم کەسی وا دەبینیت هەزار مەتر پێشم کەوتووەو تەنیا ئەوەم لەبەردەمدا دەمێنێتەوە کە دەبێ پێی بگەم و هەستێکم هەیە کە ئەگەر هەمان ئەو هەلەی بۆ نووسەرێکی ئەوروپایی یان ئەمریکایی رەخساوە بۆ نووسەرێکی عەرەب یان نووسەرێکی هیندستانی برەخسێت، ئەوسا دەتوانێت کاری باشتر لەکاری نووسەرە ئەمریکاییەکان و ئەوروپاییەکان ئەنجام بدات.

* ئەوەی لە کارەکانتدا تێبینی دەکرێت فرە جۆری لە شێوازی گێڕانەوەداو دەکرێ بە ئاسانی کاریگەری (هەقایەتەکانی هەزارو یەک شەوە)و شێوازەکانی گێڕانەوەی زارەکی و هەندێک لە کاریگەریی ریالیستی ئەفسووناوی لە کارەکانتدا دەستنیشان بکرێن و لە رۆمانی (پەیوەندییەکان)ت کە باس لە جەنگی ناوخۆی) سۆماڵ) دەکات، تێبینی بوونیادێکی توندوتۆڵی رۆمانم کرد کە کارە کلاسیکییە ئەوروپاییەکانی بیر خستمەوە، ئایا ئەم فرە جۆرییە لە گێڕانەوەدا بە ئەنقەست بوو؟

– دەکرێ بوترێت کە من بەر کاریگەریی دوو رۆشنبیری کەوتووم، رۆشنبیری عەرەب و بە تایبەتی ئەو کاریگەرییە مەزنەی (هەزارو یەک شەوە)و کاریگەریی رۆشنبیری ئەوروپایی، چونکە ئەدەبی ئەوروپاو رۆژئاوام خوێندۆتەوەو بۆ ماوەی چەند ساڵێک کاری مامۆستاییم کردووە وانەی ئەدەبم لە زانکۆدا وتۆتەوە، ئەمە هەلی شارەزاییەکی باش لە ئەدەبی ئەوروپایی بۆی رەخساندم و دەتوانم خۆم بە نووسەرێکی سەردەم دابنێم و لە نووسیندا ئارەزووم لە چی بێت دەتوانم بیکەم و توانای ئەنجامدانی ئەو کارانەم هەیە کە هەر رۆماننووسێکی ئەوروپایی یان ئەمریکایی لە سنووری زانین و تەکنیک و میکانیزمی گێڕانەوە.. هتد کە لەبەردەستدان و ئەمە بۆخۆی خەسڵەتێکە .جیاوازیی ترم هەیە کە شارەزای پتر لە رۆشنبیرییەکم، وەک دەبینیت رۆشنبیری سۆماڵی بە رێژەیەک لە رۆشنبیری عەرەب جیاوازەو زمانی سۆماڵییش زۆر لە زمانی عەرەبی جیاوازترە، بەهۆی ئەمانەوە خۆم بە بوونەوەرێکی ئەفەریقایی دادەنێم لەگەڵ تێگەیشتنێکی باش لە زمان و رۆشنبیری عەرەب و بە زمانی ئینگلیزی دەنووسم و هەروا دەتوانم بە زمانی ئیتاڵی و فەرەنسایی بخوێنمەوەو هەموو ئەم خەسڵەتانە وام لێدەکەن لە پیشەی ئەدەب نووسین و نووسیندا بە هەر شێوازێک کە پێم باشبێت، دەتوانم بنووسم